(٣١٥) جیاکاری لە سەربنەمای حیزبیی وئایینیی ومەزهەبیی ونەتەوەیی ڕەتدەکاتەوە

پارتی و یەکێتی خۆیان لە مونازەرەی پاڵێوراوانی یەکگرتوودەزنەوە

عیرفان ئەحمەد
یەکگرتوو/ هەڵبجەی شەهید

بەرپرسی مەڵبەندی پێنجی یەکگرتوو لە هەڵبجەی شەهید پێیوایە (١٢)هەزار دەنگ دەهێنن لە کۆی (٤٠)هەزار دەنگدەر کە لە سنورەکەدا مافی دەنگدانیان هەیە، ئەوەشی ڕاگەیاند کاندیدەکانی پارتی و یەکێتی ناوێرن مونازەرە لەگەڵ پاڵێوراوانی یەکگرتوودا بکەن.

سەبارەت بەو ئامادەکاریانەی مەڵبەندی پێنجی یەکگرتوو لە هەڵبجەی شەهید کردوویەتی بۆ هەڵبژاردنەکان و پاڵێوراوەکانی لە سنورەکەدا و چەند پرسێکی تری گەرمارگەرم، یەکگرتوو ئەم دیدارەی لەگەڵ مامۆستا (مەهدی مەحمود) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو و بەرپرسی مەڵبەند سازکرد.

یەکگرتوو: چ ئامادەکارییەکتان کردووە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق؟

مامۆستا مەهدی: لە سەرجەم بوارەکاندا ئامادەباشیمان هەیە، بەتایبەت هۆشیارکردنەوەی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکگرتوو، چونکە دەنگدان یەکێکە لە بنەما بەهێزەکانی دیموکراسیەت و گۆڕینی عەقڵیەتی شەڕە تەقەیە بۆ دەنگدان، ئێمە زۆر پێشوازی لێدەکەین، بەجدی کاری لەسەر دەکەین بەتایبەت لەم دەڤەرەدا، چونکە ئێمە لە زۆربەی هەڵبژردنەکاندا یەکەم بووین، پێمان وایە لە هەڵبژاردنی (٣/٧)شدا پلەیەکی باش تۆمار بکەین و ئامادەکانیش وامان پێدەڵێن. ڕۆڵی نوێنەرەکانی ئێمەش لە بەغدا بەجۆرێك بووە هەر کەسێك هۆشیارانە و نیشتمانیانە و نەتەوەییانە دەنگ بدات ئەوە دەزانێت چ ڕۆڵێکی جوانیان بینیوە و دەنگ بە پاڵێوراوەکانمان دەدات.

یەکگرتوو: ئایا ئەو پاڵێوراوانەی بۆ ئەم سنورە پاڵێوراون تاچەند شایستەن و ئەکادیمین بەراود بە پاڵێوراوی لیستەکانی تر؟

مامۆستا مەهدی: هەموویان خاوەن بڕوانامەی بەرزن و پرۆفیشنالن، پێشینە و کەسێتیان نایابە و داهاتووشیان لە ئێستا باشتر دەبێت، پێش یەکگرتوو خەڵکانی تری دەرەوەی یەکگرتوو بە کاندیدەکانمان خۆشحاڵن. دانانی کاندیدەکان هۆکارێکە بۆ زیاتر کۆکردنەوەی دەنگ، چونکە هەڵقوڵاوی ناخی ڕێکخستنەکان و جەماوەرن.

یەکگرتوو: پێتوایە کاندیدەکان هێندە کار و چالاکیان ئەنجامداوە تاوەکو بتوانن متمانەی جەماوەر بەدەست بێنن؟

مامۆستا مەهدی: بەڵێ، خۆیان کار بۆخۆیان دەکەن و حیزبیش چەند بۆی کرایێت ئاسانکاری بۆ کردوون.

یەکگرتوو: پێت وانییە نەبوونیان لە چالاکی و کۆبوونەوەکانی ڕێکخستندا کاریگەری سلبی هەبێت لەسەر دەنگ هێنان؟

مامۆستا مەهدی: نەخێر، یەکگرتوو کار بۆ لیستەکە دەکات، هەر پاڵێوراوێکیش کار بۆخۆی دەکات دەزگاکانی یەکگرتووش کارئاسانیان بۆ دەکەن بۆ ئەوەی پەیامی خۆیان بگەیەنن، چونکە لەوە دەچێت زەحمەت بێت بتوانێت بە یەکسانی بوار بۆ هەموویان بڕەخسێنێت.

یەکگرتوو: ئایا ئەم ئالیەتە هۆکارێك نابێت بۆ ئەوەی کە پاڵێوراوانێك دەربچن کە پابەندی یەکگرتوو نەبن؟

مامۆستا مەهدی: تا ئەندازەیەك دڵنیاین لە هۆشیاری ئەندام و لایەنگرانمان و تەنانەت ڕادەی هۆشیاری خەڵك لەو ئاستەدایە کە بزانێت کێ شایستەترە بۆ دەنگپێدان. لەمەدا کێشەمان نییە چونکە سەرجەم کاندیدەکان شایستەن.

یەکگرتوو: لە مونازەرەکانی ئەم سنوردا زۆربەی کاندیدەکانی یەکێتی و پارتی ئامادەنین ڕوبەڕووی کاندیدەکانی یەکگرتوو ببنەوە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕێتەوە؟

مامۆستا مەهدی: ئەم ڕوبەڕووبوونەوانە ئالیەتێکی جوانە و لە زۆربەی وڵاتاندا کاری پێدەکرێت، تێیدا کەسێتی و زانیاری و شارەزایی پاڵێوراو و پەیام و بەرنامەکەی دەردەکەوێت، ئێمە دڵنیاین کە پاڵێوراوان و لیستەکامەن بەهێزە و ئەمەش لە ڕوبەڕووبوونەوەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. پێدەچێت نەوێرن و پێیان نەبێت بۆیە ئامادە نابن.

یەکگرتوو: ئایا ئەمە نیشانەیەك نییە بۆ ئەوەی کە هیچیان پێ نییە، بۆیە ناتوانن ڕوبەڕووی جەماوەر ببنەوە، بەڵام ئامادەن ڕوبەڕووی ئاندام و لایەنگرانی خۆیان ببنەوە؟

مامۆستا مەهدی: دەشێت ئەوە نیشانەیەك بێت، بەڵام ئامادەنەبوونیان لەبەردەم جەماوەردا پرسیاریان لەسەر دروست دەکات و بە سەلبی لەسەر لیستەکە دەشکێتەوە.

یەکگرتوو: لە سنوری مەڵبەندی ئێوەدا چەند کەس مافی دەنگدانی هەیە و، ئێوە پێشبینی دەکەن چەند دەنگ بهێنن؟

مامۆستا مەهدی: زیاتر لە (٤٠)هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە، ئێمە ڕکەبەرێکی سەرسەختی هاوپەیمانین و، پێمان وایە (١٢ - ١٥)هەزار دەنگ دەهێنین.

هۆکارەکانی ئیشتیمای تاک بۆ حیزب

بەهار عەبدولڕەحمان محەمەد *

زۆرن ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر لایەنگیری تاك هەیە بۆ پارتێکی سیاسی دیاریکراو و ئەم مەسەلەیە جێگەی مشتومڕ و هاتنەکایەی چەندین تیۆر و بۆچوون بووە، هەر لایەنە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆچوونەکانی خستۆتەڕوو هەندێ بۆ هۆکاری دەروونی وەکو هەڵچوون و ڕادەی کارتێکردن و جۆری مرۆڤەکان لەڕووی بیرکردنەوە و لەشولار و سیما و کاریگەرییە دەرەکییەکانی تر، کە کاریگەریان لەسەر هەڵسوکەوتی دەروونی تاك هەیە و ئەم بۆ چوونانە زانایانی دەروونناسی شیکەرەوە و، زانایانی دەروننناسی کۆمەڵایەتی بە فراوانی باسیان لێوە کردووە.

هەندێکی تر هۆکاری ئابووری دەکەنە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ئینتیمای تاك و، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە زۆرێك لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ کاریگەری ژیانی ئابووری تاکەکان و پێیان وایە پەیوەندی فاکتەرە ئابورییەکان بە دیاریکردنی لایەنگیری رامیارییەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، ئەگەرچی ئەوانەی باسی ئەم پەیوەندییەیان کردووە هاوڕا نین و هەندێکیان بە تاکە فاکتەری دادەنێت وەك مارکسیەکان و هەندێکی تریان دەڵێن تاکە فاکتەر نییە بەڵکو یەکێکە لە کۆمەڵێك فاکتەری دیکە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ، بەڵام نکوڵی لە گرنگی لایەنی ئابووری ناکرێت.

کۆمەڵێکی تر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بە فاکتەری گرنگ دادەنێن بۆ ئینتیمای تاك بەوپێیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی تاك بەرەو ئینتیمایەکی دیاریکراو دەبات.

ئەمانە و چەندین بۆچوونی تر خراونەتە روو سەبارەت بە پابەندبوونی تاك لە پارتێکی دیاریکراودا، لێرەدا سێ هۆکاری سەرەکی و گشتی باس دەکەین کە پاڵنەرن و هۆکارن بۆ ئەوەی تاکێك خۆی لە پارتێکی دیاریکراودا ببینێتەوە، کە سەرچاوە دەگرێت لە بۆچوونی هەر تاکێکەوە بۆ حیزب، واتە چۆن دەڕوانیتە حیزب لەو ڕووانگەیەوە پابەندبوونی خۆی دیاری دەکات:

یەکەم: حیزب وەك ئامرازی خزمەتکردن: ئەو حیزبانەی کە هەڵگری ستراتیژ و دنیابینی دیاریکراو و ڕوونن ئینتیمای تاك بۆ ئەو حیزبە دیاریکراو و ڕوون دەبێت، لێرەدا حیزب دەبێتە ئەو هۆکارە کە لەڕێیەوە خزمەت بە پەیامێك بە پرسێك دەکرێت، تاك ئینتیما بۆ حیزب دەکات بۆ داکۆکیکردن لە دۆزێکی دیاریکراو خەونێکی ڕوون پەیامێکی ئاشکرا و دیار، لێرەدا ئەو دۆزە یا ئەو پرسەی کاری بۆ دەکرێت لە سەرو هەموو بەرژەوندییەکی تایبەتی و تەنانەت حیزبیشەوە دەبێت، بۆیە تاك ئامادەیە لەپێناو دەستخستن و سەرخستنی ئەو دۆزەدا قوربانی بدات، هەوڵ بدات و ماندوو نەبێت، لێرەدا تاك خۆی بە خاوەنی پەیامەکەی دەزانێت و چاوەڕێی پاداشت و دەستخۆشانەی حیزب نابێت. پابەندبوون بۆ حیزب وەك ئامرازی خزمەت و هەڵگری پرسێك دەبێتە باوەڕێکی پتەوی ئەوتۆ کە لەناو ڕۆحی تاکدا دەڕسکێت و ئیلهامی پێ دەبەخشێت لەو ڕووانگەیەوە ڕەفتارەکانی دیاری دەکات و هەڵوێستەکانی وەردەگرێت لێرەوە بێ باکانە مامەڵە لەگەڵ ئیمتیاز و دەستخۆشانەکانی حیزبدا دەکات، ئینتیما لێرەدا بۆ خزمەتکردنی خەڵك و کۆمەڵگایە نەك بۆ خۆ هەڵواسین بەسەر ملی حیزب و کۆمەڵگادا.

ئینتیما بۆ بەرژەوەندی حیزب و پەیامە نەك بۆ بەرژەوەندی خود ئەگەرچی دواجار تاك خۆشی دەبینێتەوە و سوودمەند دەبێت، (ماکس ڤێبەر) زانای کۆمەڵناس باس لە دوو جۆر ئینتیما دەکات

١ - ژیان بۆ سیاسەت.

٢ - ژیان لە سیاسەت.

١ -ژیان بۆ سیاسەت: واتە ئەو کەسە ژیانی خۆی دەبەخشێت بۆ خزمەتی خەڵك و کۆمەڵگا نەك بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی.

٢ - ژیان لە سیاسەت: واتە ئەو کەسە سیاسەت دەکاتە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە زاتیەکانی خۆی و ژیانی خۆی لەسەر بنیات دەنێت و سیاسەتمەداران هەمیشە بەدوای دەسەڵاتێکی دوو ڕوو دەگەڕێن کە لوتبەرزی و بەرزەفڕی کەسیی خۆیانی تێدا لەپشت قەناعەتی ئایدۆلۆژی و خزمەتی گشتیدا دەشارنەوە.

لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەدەین، هەر حیزبێك بیەوێت ئەندامانی خاوەنی ئەم جۆرە ئینتیمایە بن (کار بۆ سیاسەت) پێویستە پەروەردەی سیاسی ئەندامانی بکات و، حیزبێك توانای پەروەردەی سیاسی هەیە کە خاوەن دوو خەسڵەتی گرنگ بێت:

١ -مەرجەعیەتی سیاسی:

واتە بوونی کۆمەڵێك بنەمای فیکری و فەلسەفی کە لە ئاستێکی بەرز و گشتگیردا بێت و نەوەکانی لەسەر گۆش بکات و تێڕوانینەکانی بەئاشکرا و ڕوونی بخاتە ڕوو، بوونی بنەما بەهاو ئامانجەکان دیاری دەکات، کە لە مەعریفەوە سەرچاوە دەگرن و قابیلی گۆڕانن و، بنەما دەبێتە پنتێك و لەوێوە جوڵە وەردەگرێت، کە بوونی ئەم پنتە پێداویستی و داخوازییەکە دوورمان دەخاتەوە لە پەرتەوازەیی و نارۆشنی و ونبوون.

هەربۆیە لە زۆرێك لە سەردەمەکاندا بیرمەندان بنەمای فیکرو فەلسەفەی سیاسی خۆیان دیاری کردووەو دارشتووە وەك بنەمای عەدالەت لای (ئەفلاتون) و خێری گشتی لای (ئەرستۆ) و بنەمای عەسەبییەت لای (ابن خلدون) و سیادە لای (جان پودان) و ئازادی لای (جون لوك) و .هتد، هەریەك لەم بیرمەندانە بنەمایەکی دارشتوە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و وجودی.

دیارە یەکگرتوو وەك حیزبێکی ئیسلامی بنەمای فیکری دیار و ڕوونە کە لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە و بۆتە پنت و خاڵی وەرگرتنی بەها و بۆچوون و بیرکردنەوەکانی و هەر ئەمەش بۆتە مایەی سەقامگیری و هاوسەنگی بیرکردنەوە و بۆچوون و هەڵوێستی ئەندامانی ئەم حیزبە.

٢ -هەڵوێستی سیاسی: واتە هەڵگری کۆمەڵێك هەڵوێست کە موساوەمەی لەسەر ناکرێت و ئەمەش لەو بنەمایانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە چوارچێوەیدا دەسوڕێتەوە، بێگومان بنەمای سیاسی هەبێت هەڵوێستی سیاسیش ڕوون دەبێت، هەر حیزبێك بنەما و پرەنسیپی سیاسی خۆی نەبوو واتە ستراتیژی نەگۆڕ و ئامانجی دیاریکراوی نییە، لێرەدا ئەندامانی ئەو حیزبە تووشی ئیشکالاتێك دەبن کە خۆیان لە چواچێوەیەکی دیارینەکراودا دەبیننەوە نازانن بۆ ئامانجی حیزبی تەسك کاردەکەن یان بۆ ئامانجەکانی نێو کۆمەڵگا و خزمەت کردن بە داخوازییەکانی. هەر بۆیە ناکرێت حیزب لەسەر یاریکردنی ستراتیژی و سیاسی بژی لەسەر گۆڕینی بەردەوامی بۆچوون و بنەماکانی، وەگەرنا دەبنە حیزبی بەرژەوەندی و دواجاریش ئینتیماکان بۆ بەرژەوەندی دەبێت نەك خەمی دۆزێك.

دووەم: حیزب بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی سایکۆلۆژی

ئینتیما بۆ حیزب دەبێتە چوارچێوەیەکی سایکۆلۆژی بەبێ ئەوەی تاك خۆی بزانێت ئەم ئینتیمایە بۆچی و لەبەر چی، بۆیە لێرەدا ئینتیما بۆ حیزب وەك ئینتیما بۆ خێڵ وایە، وەك دەزانین ئینتیما لە خێڵدا ئینتیمایەکی قەدەریە نەك ئازادانە و ئارەزوومەندانە، کاتێك تاك قەدەری وایە سەر بەو خێڵەیە داکۆکی لە باشی و خراپییەکان دەکات بەبێ بەرچاو ڕۆشنی و ئارەزوومەندی خۆی، ئینتیمای مرۆڤەکان پابەندە بەو کۆت و نەریتانەی کە بە میرات بۆیان بەجێماوە، ئەرکی ئەوان لێرەدا ئەوەیە بەشێوەیەك بژین کە کلتور و نەریتەکان بۆی دیاری کردوون نەك ئەوەی کە نەریتەکان بخەنە ژێر پرسیارەوە و تازەگەری بکەن، لێرەدا هەروەك چۆن هەندێ جار تاك ملکەچی جۆشدانەکانی کەسی خەولێخەری موگناتیسی دەبێت و وای لێدەکات خەوی لێبکەوێت، بە هەمان شێوە تاك ملکەچی جۆشدانەکانی لایەنێکی تایبەت، حیزبێك، بنەماڵەیەك، خزم و کەسایەتیەك دەبێت بەبێ بیرکدنەوەی عەقڵانی و لۆژیکی، بەڵکو تەنها ئارامیەکی ڕووکەشی دەروونییە، وەکو زانستی دەروونناسی ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە مرۆڤ روحێتیەکی هەیە لە هەڵچوون و ئینفیعالاتی سەرەتای پێکهاتووە، ئەو روحێتیە زۆرە لەوە قوڵترە کە بیرکردنەوەی عەقڵانی و لۆژیکی بیگاتێ.

سێیەم: حیزب بۆ دەسکەوت و بەرژەوەندی تایبەت

لێرەدا تاك ئینتیما ناکات بۆ حیزب بۆ ئەوەی خزمەت بە کۆمەڵگا بکات، یان بۆ ئەوەی فێری فیکر بێت، یان هەڵگری فیکر بێت، یان خۆی هۆشیار و ڕۆشنبیر بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێت لە سایەی حیزبدا، تاك نەهاتۆتە حیزبەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە پەیامێك یان فیکر و باوەڕێك بکات بەڵکو بۆ ئەوەی حیزب بێتە هۆکارێك بەرگری لەو بکات.

لێرەدا ئەندامانی حیزب گلەیی و ڕەخنەیان لە حیزب بۆ ئەوە نابێت کە حیزب کارە سیاسی و ئەخلاقی و مێژوویەکانی خۆی وەك پێویست جێبەجێ ناکات، بەڵکو گلەییان لە حیزب لەوەیە کە خزمەت بە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئەوان ناکات پلەوپایەی نەداونەتێ و سامان و هێزی نەخستونەتە بەردەست، لێرەدا حیزب دەبێتە کۆمپانیایەك کە ئەندامەکانی بە مووچە و ئیمتیاز نەبێت کار ناکەن. تاکەکان لەم جۆرە ئینتیمایەدا ئەو کەسانەن کە شتی زۆر لە حیزب وەردەگرن و خۆیان بە پارێزەرانی ڕاستەقینەی حیزب دەردەخەن، بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەمانەن حیزب بەکاردێن وەك کەرەسەیەك و هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بۆیە گەر ئەمجۆرە کەسانە زۆریش بە حیزبدا هەڵبدەن هەر ئەمانەن یەکەم زەرەر و زیان لە ستراتیژ و خۆشەویستی حیزب لەنێو خەڵکدا دەدەن و، حیزب ناکارا دەکەن لە بەرجەستەکردنی بەرنامەکانیدا و هێنانەدی ویستەکانی خەڵکدا، بۆیە دەبێت حیزب خۆی ببوێرێ لە پێدانی بەرپرسیاریەتی بەکەسانی هەڵپەرست و تەمبەڵ و نا کارا، ئەو کەسانەی سەلیقەی سیاسی یان شەوقی سیاسی ڕاستەقینەیان نییە و دەبنە هۆکاری بەدگومان کردنی خەڵك و، تەنانەت ئەندامە حیزبییە دڵسۆز و کاراکانی ناو حیزب بێتاقەت و نائومێد دەکەن و بیرکردنەوەیەکیان تیا دروست دەکەن کە دوور بکەونەوە و خۆ دوورەپەرێز بگرن، ئەم حاڵەتانەش دەسپێکی نەخۆشیەکی کوشندەیە بۆ هەر حیزبێك.

*** دەرچووی کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، کاندیدی ژمارە (٩)ی لیستی ژمارە (٣١٥) لە سلێمانی.**